## هەرجۆرە گوشارهێنانێك بۆ سەر دكتۆر كەمال بە توندی ئیدانە دەكەین !

هەر لە دەستگیركردن و بیٚ سەروشوێنكردنی دكتۆر كەمالەوە تا ئێستا یەكێك لەو شێوازانەی كە پارتی گرتوویەتەبەر دژ بە دكتۆر كەمال پیلان دارشتن وگوشارهێنانی دەرونی وڕەنجاندن و مامەڵەكردنێكی ناشارستانی بەردەوامە تابەڵكو هەرچۆن بووە پاشەكشە بكەن بەم ئینسانە. ڕۆژێك قسە كردن بەناوی ئەوەوەو رۆژێك پلان دانان بۆ ئەوەی كە گوایە داوای دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كردوەو ئەمرۆژانەش ادعای لەچەشنی ر\ێكخستنی دیداری تەلەفزیونی بۆئەوەی كە خەڵكی كوردستان بە چاوی خۆیان بینین و وە ببیستن كە چۆن و تا چ رادەیەك پاشەكشەی كردوە. ئەم گوشارهێنانە بەردەوامە بەدەر لەوەی كە ئایا پارتی بە كارێكی لەو چەشنە هەڵدەستیٚ یانا، وە یاخود دكتۆر كەمال لە هەڵوێستەكانی خۆی پاشگەز دەبێتەوە یا نا، سەرئەنجام بۆ پارتی وەك بەدەستەوە گرتنی هێڵێكی دووسەر وایە كە دەیەویٚ لە هەردوو حالەتەكەدا سوودمەندبیٚ لەپروپاگەندەیەك كەڕۆژانە لەڕێگەی كەناڵە جۆراوجۆرەكانی یەوە مێشكی خەڵكی پیٚ قان دەدات. لایەنێكی ئەم ڕەوشتە ئەوەیە كە دەیەویٚ لەپالٚ ئەو جۆرە پڕوپاگەندانەدا دۆخێك پێكبهێنیٚ تالەڕێگەی قەلەقكردنی خەڵكەوە ناڕەزایەتیەكانی ڕۆژانە لەسەرخۆیان كەم بكەنەوەو هاوكاتیش جۆرە تەقەلایەكی پوچەڵیشە بۆ یاری كردن بە كەسایەتی دكتۆر كەمال . بەلام گریمان كە سبەینی یەكێك لەم پیلانانەی سەركەوت وپاش سیٚ مانگ داڕزانی جەستەی ئەو ئینسانە لە زیندانا لەپالٚ ئەو مامەڵە ناشارستانیەوە بە وەزعێكەوە كە دكتۆر كەمال تیدایە كە بەشێكی بەرچاوی كاتەكانی زیندان بەمانگرتن لە خواردن بەسەر بردوە، سبەینی بیمان كە دكتۆر لە هەڵویست و كارنامەی خۆی پاشگەز بووەو " دانی بە هەڵەكانی خۆیدا نا". لێرەدا پرسیارە كە ئەوەیە كە ئاخۆ ئەمە چ ئازایەتیەكی بۆ پارتی تێدایە كە بەهەمان ڕەوشت و سوونەتەكانی بەعس وولاتانی استبدانی ناوچەكە دەیەوێت زیندانیەكان لە هەڵویستی خۆی پەشیمان بكاتەوە ؟ ئایا چ كەسیكی ئازادیخواز هەیە ئەم كردەوەیە ئیدانە نەكات و ئەوەندەی تر تورەیی و نەفرەتی دانابارێنێتە سەر ئەم دەسەلاتەی كە دەیەوی تەقلیدی" توبە" بكاتە شیوەیەك لە شیوەكانی سەركوتی سیاسی لەكوردستاندا؟ ئاخۆ پارتی بەم گرتنەبەری ئەم ریگایە دەتوانیٚ شەپۆلی نارەزایەتی كام ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیرو سیاستمەداری خاوەن هەلوێستی ناوچەكە كەم بكاتەوە؟ با وا فەرز بكەین كە پارتی دەتوانیت سبەینی هەرچۆن پیٚ خۆشە میشكی دكتۆر كەمال بسریتەوە ئەوەی خۆیان پیٚ یان باشە لە دەماخیا سەوز بكەنەوە . بەلام ئایا تازە پارتی دەتوانیت زەرەیەك پاشەكە بەو بەرە بەرفراوانە بكاتە كە بۆ داكۆكی كردن لە ئازادی ڕادەبرین و ئازادی بەیان و ئازادی رەخنەگرتن هاتووەتە مەیدان؟ ئایا پارتی دەتوانێت كارنامەیەكی لەو چەشنەی خۆی لەبەردەم دەیان و سەدان حزب و ڕێكخراوی وولاتانی ئەوروپاو جیهان دەركێشێت ؟؟؟

نا تازە كار لەكات ترازاوەو لەكوردستان دەمێكە بزوتنەوەیەك وەرێكەوتووە كە ئیتر ئەوەی سەخت كردووە كە بتوانری بەئاسانی دەست بۆماف وئازادیەكانی خەلٚك و بۆ حورمەت و بەهاو كەرامەتیان ببرێت. بۆیە هەر هەوڵدانێكی پارتی بۆ ئەوەی كە دكتۆر كەمال پاكانە پیبكات و تۆبە لە كارو كردوەكانی خۆی بكات، ناتوانیٚ جارێكی تر میللی سەعات بۆ دوابگێرتەوەو نەفرەتی هەڵڕێژاوی خەڵكی كوردستان دەستەمۆبكات. ئەم ڕەوشتە هیچ نی یە بەشێك لەو سوونەت وداب و نەریتە دواكەوتوانەی وولاتانی استبدادی نەبێت دژ بە مخالفینی سیاسی خۆیان ، پێش پارتی جمهوری ئیسلامی ئیران وبەعس و زۆر حكومەتی تری ناوچەكە ئەو هەولانەیان دا بەلام بیٚ ئاكام كرانەوەو لە زیان زیاتر هیچی تریان بە نسیب نەبوو .

ماوەتەوە كە بڵێن ئێوە چۆنتان پیٚ خۆشە ر\ەنگە بتوانن بیكەن، بەلام دڵنیابن كەمپەینی ئازادی بۆ دكتۆر كەمال زەرەیەك لە كارو هەلسورانی خۆی ناكەوێت و بە دكتۆر كەمال و بیٚ دكتۆر كەمال ئێمە ئالایەك كە بۆ گۆرانكاری و داكۆی كردن لە ماف وئازادیەكانی خەڵكی كوردستان بە دەستمانە گرتووە داینانەوێنێن و كاری خۆمان درێژە پیٚ دەدەین . پارتی ئەگەر چاوێك بە شەپۆلی نارەزایەتی بیٚ وێنەی ڕۆشنبیران و نووسەران و ئەدیبان وسیاستمەداران و ئازادیخوازانی ئەمڕۆی كوردستاندا بگرێتەوە ، زۆر چاك لەو ڕاستیە دەكات كە تازە درنگە و لە پاشەكشە زیاتر هیچ شتێكی تر ناتوانێت بەر بەلێشاوی ئەو بزوتنەوە بەرفروانە بگرێت كە لەژێر ئالای ئازادی بیٚ قەیدو شەرت بۆ دكتۆر كەمال هاتوونەتە مەیدان .

بژی ئازادی بیٚ قەیدو شەرت بۆ دكتۆر كەمال سەید قادر

كەمپەینی ئازادی بۆ دكتۆر كەمال سەید قادر

دەستەی سەرپەرشكار

2006 / 1 / 18

dkamal_free@yahoo.com